دژبەیەکانی
قورئان و حەدیس

لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و مێژووی — نەک دینی

کۆکردنەوە و نوسینی هاوکار ع.

٣٥دژبەیەک
١٢قورئان × قورئان
١٠قورئان × حەدیس
٨نەسخ و مەنسوخ
٧کەتەگۆری
٥زانستی



دەستنووسی بیرمینگهام — BBC — کۆنترین دەستنووسی قورئانی جیهان

بەڵام وەک دەبینین هەموو قورئان نەدۆزراوەتەوە تائێستا، کەسێک کە بڕوای بە ئیسلام نەبێ و بیەوێت
مسوڵمان بێ دەگەڕێتەوە بۆ کۆنترین قورئان کە دەبینێ هەموو قورئان دیار نییە و زۆربەی ئایەت خوراوە
وەک وێنەکە و ئەمڕۆش چەندین قورئانی وەک حفص عن عاصم و ورش عن نافع و قالون و الدوری هەیە
وە خوێندنەوە و ماناشیان جیاوازن وە عوسمانی کوڕی عەفان هەموو قورئانەکانی تری سوتاندووە و تەنها
ئەوەی خۆی هێشتۆتەوە بۆی دەردەکەوێ قورئان قسەی خودا نییە کە ئەم هەموو شتە نالۆجیکی و دژ
بەیەکەی تێدایە کە وردە وردە باسی دەکەین

لێکۆڵینەوەیەکی کوردی

بەپێی سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامی

بەشی یەکەم :حەدیسەکان

حەدیسەکان گفتوگۆ و کردەوەکانی پێغەمبەری ئیسلامن کە دوای مردنەکەیدا کۆکرانەوە .ئەم بەشە باسی مێژوو و کێشەکانی حەدیسەکان دەکات.

١ .چەند حەدیسی هەیە؟

لای ئەهلی سونە کتوبی ستەی سەرەکی ئەمانەن:

ژمارەی حەدیس	کۆمەڵکەر	کتێب
٧,٢٧٥	ئیمام بوخاری	صەحیحی بوخاری
١٢,٠٠٠	ئیمام مسلم	صەحیحی مسلم
٥,٢٧٤	ئەبووداود	سونەنی ئەبووداود
٣,٩٥٦	تیرمیزی	سونەنی تیرمیزی

٥,٧٦٧	نەساعی	سونەنی نەساعی
٤,٣٤١	ئیبنی ماجە	سونەنی ئیبنی ماجە

لای ئەهلی شیعە کتوبی ئەربەعەی سەرەکی ئەمانەن:

ژمارەی حەدیس	کۆمەڵکەر	کتێب
١٦,١٩٩	کولەینی	کافی
٩,٠٤٤	شێخ صەدووق	مەن لا یەحضورە
١٣,٥٩٠	شێخ طووسی	تەهزیبی ئەحکام
٥,٥١١	شێخ طووسی	ئەستیبصار

٢. پێغەمبەر گوتوویەتی حەدیس مەنوسنەوە

حەدیسی ئاشکرا لە صەحیحی مسلم:

لا تَكْتُبُوا عَنِّي شَيْئًا غَيْرَ الْقُرْآنِ "— واتا :هیچ شتێک لەمن مەنوسنەوە جگە لە قورئان"

کێشە	چی ڕووی دا
چۆن زانی ئەمینن؟ پێغەمبەر ئەمەی داواکرد ١٩٤ ساڵ بە دەمەوە	ئەبووبەکر ٥٠٠ حەدیسی سووتاند عومەر قەدەغەی نووسینی کرد بوخاری ١٩٤ ساڵ دوواتر کۆی کردەوە

٣. جیاکردنەوەی سەحیح لە زەعیف

پلەبەندی حەدیس لای سونە:

مانا	پلە
پشتبەستراو باش لاواز	صەحیح حەسەن زەعیف
دروستکراو — دروغ	مەوضووع

کتێبی کافی لای زانایانی خودی شیعە:

ڕێژە	پلە
٣١٪	صەحیح
٥٨٪	زەعیف
١١٪	تری

بەشی دووەم :قورئان

١ .ئایا قورئان دەستکاری کراوە؟

قورئان لە سونە و شیعەوە هەر یەک نسخەیە ـــ بەڵام کێشەی مێژووی هەیە:

کات	ڕووداو
٦٣٢م	پێغەمبەر دەمرێت
٦٣٢-٦٣٤م	ئەبووبەکر کۆی دەکاتەوە
٦٤٤م	عوسمان نسخەی فەرمی دروست دەکات
٦٤٤م	عوسمان هەموو نسخەی تر دەسووتێنێت

٢ .ناسخ و مەنسووخ

کێشەی گرنگ:

لە قورئاندا ئایەتێک ئایەتێکی تر لەناودەبات ـــ ئەمە 'ناسخ و مەنسووخ' دەوترێت .زانایان دەڵێن نزیکەی ٢٢٥ ئایەت ناسخ و مەنسووخن.

کێشە :ئەگەر قورئان کلامی ئەزەلی و نەگۆڕاوی خوداست ـــ بۆچی ئایەتێک ئایەتێکی تر لەناودەبات؟

٣ .ڕیوایەتەکانی قورئان

٢٠ ڕیوایەتی جیاواز هەیە ـــ ئەوانەی ئێستاش بەکاردێن:

جیاوازی	وڵات	ڕیوایەت
ئەصیل دەوترێت	هەموو جیهانی ئیسلام	حەفص
کلمەکان جیاوازن	مەغریب، جەزائیر، مصر	ورش
ماناکان جیاوازن	تونس، لیبیا	قالون
جیاوازی هەیە	ئەفریقا	دووری

٤ .جیاوازی مانایی نمونەکان

ئەمانە نمونەی ئاشکرای جیاوازی مانا لە نێوان حەفص و ورشدان:

ورش	حەفص	ئایەت
مەلک =پاشا	مالک =خاوەن	فاتیحە ٤
ننشزها =بەرزکردنەوە	ننشرها =بڵاوکردنەوە	بەقەرە ٢٥٩
قُتل =کوژرا	قاتل =کوشت	ئاڵی عیمران ١٤٦
نشرا =بڵاوکردنەوە	بشرا =مژدە	ئەعراف ٥٧
بکم =بە ئێوە	بهم =بەوان	یوونوس ٢٢
عند الرحمن =لای خودا	عباد الرحمن =بەندەی خودا	زوخروف ١٨
لأمانتهم =ئیمانەکەیان	لأماناتهم =ئیمانەکانیان	مؤمنون ٨

بەشی سێیەم :مێژووی ئیسلامی

١. جیابوونەوەی سونە و شیعە

جیابوونەوەکە لە یەکەم ڕۆژی دوای مردنی پێغەمبەر دەستی پێکرد:

شیعە دەڵێن	سونە دەڵێن
ئیمام عەلی جێنشین بوو	ئەبووبەکر جێنشین بوو
نەص لەسەر عەلی هەیە	ئیجماعی صەحابەکان
ئیمامی مەعسووم	خەلیفەی هەڵبژێردراو

٢. حادیسەی کەربەلا ـــ ٦٨٠

ئەمانە ئاشکرایەکانی مێژوون:

ئیمام حوسێن کوڕی ئیمام عەلی و کوڕبراتزادەی پێغەمبەر بوو .لە کاتی حوکمی یەزیدی ئومەوی لەگەڵ ٧٢ کەسی خێزانیدا لە کەربەلا کوژرا.

کاریگەری	ئاشکرایی
جیابوونەوەی تەواوی سونە و شیعە	٧٢ کەس کوژران
ئێتا مایەوە بە بەرپرسیار	خێزانی پێغەمبەر ئەسیر بران

مشرووعیەتی دینی دانراپێچرا	یەزید ئومەوی فەرمانیدا

٣. خالید بن ولید و مالک بن نویرە

ئەمە مێژووی ئاشکرایە لە سەرچاوەکانی ئیسلامیدا:

سەرچاوە	ڕووداو
یەعقووبی، ئیبنی ئەسیر	خالید مالکی کوشت کە مسلمان بوو
هەموو سەرچاوەکان	هەمان شەو چووە لای ژنی مالک
مێژووی تاریخی	عومەر داوای ڕەجمی خالیدی کرد
هەموو مەزهەبەکان	ئەبووبەکر ڕەتی کردەوە کە ڕەجم بکرێ

٤. چوار مەزهەب

چوار مەزهەبی سونە و دژبەیەکیەکان:

تێبینی	دامەزرێنەر	مەزهەب
فارسی/ئەفغانی نەسەب — بەهێزترین	ئەبووحەنیفە (٦٩٩-٧٦٧)	حەنەفی
مالیک: ئەبووحەنیفە خراوترینە	مالیک بن ئەنەس (٧١١-٧٩٥)	مالیکی
تەلەبەی مالیک	شافیعی (٧٦٧-٨٢٠)	شافیعی
تەلەبەی شافیعی — سەختترین	ئەحمەد بن حەنبەل (٧٨٠-٨٥٥)	حەنبەلی

بەشی ٤ ژنان و ک

---

١. کنیزایەتی لە قورئاندا

قورئان کنیزایەتی قەدەغە نەکردووە — ڕێکی خستووە. ئەمانە ئایەتە ئاشکراکانن:

مانا	ئایەت
ژنانی ئەسیری جەنگ حەلاڵن	سورەی نساء ٢٤

کنیزەکان بۆ پێغەمبەر حەلاڵن	سورەی ئەحزاب ٥٠
گەردەنی ئەسیران ببڕە	سورەی محمد ٤

٢. فرۆشتنی ژنان بە ڕووتی

ئەمە لە سەرچاوەکانی ئیسلامیدا هاتووە:

ئیبنی عومەر — یەکێک لە گەورەترین صەحابەکان — لە بازاڕدا سینەی کنیزەکانی دەمالیەوە کاتی کڕین .ئیمام مالیکیش گلەی دەکردە ژنانی کنیزی مەدینە کە سینەیان بە ئاشکرا دەرکەوتوو.

٣. ژنانی پێغەمبەر

ژمارەی ژنانی پێغەمبەر بە پێی هەردوو مەزهەب:

تێبینی	جۆر	ناو
یەکەمین — تاکە ژنی کاتی خۆی	زەواجی فەرمی	خەدیجە
٦ ساڵ کاتی عەقد	زەواجی فەرمی	عایشە
ژنی کوڕی خوانەندەی پێغەمبەر	زەواجی فەرمی	زەینەب بنت جەحش
ئەو شەوی مردنی مێردەکەی	زەواجی فەرمی	صەفیە
هەدیەی فیرعەونی مصر	کنیزە	ماریا قیبطیە
دوای شەڕی بەنی قورەیزە	کنیزە	ڕەیحانە

بەشی پێنجەم :مردنی پێغەمبەر

---

١. داستانی زەینەب و ژەهرەکە

ئەمە لە صەحیحی بوخاری و مسلمدایە:

لە ٦٢٨ دوای داگیرکردنی خەیبەر، ژنێکی یەهووی بە ناوی زەینەب بنت حارث ژەهری خستە ناو گۆشتی مەیل و بۆ پێغەمبەر هێنا .پێغەمبەر لوقمەیەکی خوارد بەڵام خستییەوە .بەشیر بن براء هەموویەکی خوارد و یەکسەر مرد

ئافرەتەکە وتیی ئەگەر پەیامبەر بێ بەڕاستی خوداکەی ئاگاداری دەکاتەوە و نامرێ!

کێشە	ڕووداو
بەس ژەهر کوشتی بەس ٣ ساڵ دواتر مرد بەس ئاگای بەشیر نەدا	پێغەمبەر بسماللە گوت زیکری دەکرد ئایەتی کورسی دەخوێند
دژبەیەکی ئاشکرا	٣ ساڵ دواتر کوشتی

سەرچاوەکان: صحیح بخاری · صحیح مسلم · سونەن ئەبوداود

Corpus Coranicum · Patricia Crone · John Wansbrough · Michael Cook

ئەم کتێبە بۆ مەبەستی ئەکادیمی و مێژووییە — نەک دینی

پوختەی ناوەرۆک

بەشی یەکەم

کوشتن و جیهاد

قورئان هەم فەرمانی کوشتن دەدات و هەم دەڵێت "هیچ ئیکراهێک لە دیندا نییە"

١.١ کوشتنی مشریکەکان — یان ئازادیی دین؟

قورئان — توبە ٥

فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ

مشریکەکان بکوژن لە هەر شوێنێک بیاندۆزنەوە

قورئان — بەقەرە ٢٥٦

لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ

هیچ ئیکراهێک لە دیندا نییە

دژبەیەک توبە ٥ فەرمانی کوشتن دەدات، بەقەرە ٢٥٦ دەڵێت هیچ ئیکراهێک نییە. مسوڵمانەکان دەڵێن توبە بەقەرەی نەسخ کردووە — بەڵام ئەمەش دەڵێت قورئان گۆڕاوە.

کوژتن و جیهاد

بڕینی سەر — یان کوژتنی یەک کەس وەکوو کوژتنی هەموو مرۆڤایەتییە؟

قورئان أنفال ١٢

فَاضْرِبُوا فَوْقَ الْأَعْنَاقِ وَاضْرِبُوا مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ

سەرەکانیان ببڕن و هەموو تەلاکەیان ببڕن

⚡ دژبەیەک ⚡

قورئان مائده ٣٢

مَن قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا

هەر کەس کەسێک بکوژێت بەبێ هۆ — وەکوو هەموو مرۆڤایەتیی کوشتووە

شیکاری: یەک ئایەت فەرمانی بڕینی سەر و تەلاکان دەدات، ئەوی تر کوژتنی یەک کەس وەکوو کوژتنی هەموو مرۆڤایەتی دادەنێت.

١.٢ بڕینی سەر — یان کوشتنی کەسێک وەکوو کوشتنی هەموو مرۆڤایەتییە؟

قورئان — ئەنفال ١٢

فَاضْرِبُوا فَوْقَ الْأَعْنَاقِ وَاضْرِبُوا مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ

سەرەکانیان بڕن و هەموو سەری پەنجە و جومگەکانیان ببڕن مەبەست بڕینی ئەندامەکانیانە

قورئان — مائده ٣٢

مَن قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا

هەر کەس کەسێک بکوژێت بەبێ هۆ — وەکوو هەموو مرۆڤایەتیی کوشتووە

دژبەیەک یەک ئایەت فەرمانی بڕینی سەر دەدات، ئەوەی تر کوشتنی کەسێک وەکوو کوشتنی هەموو مرۆڤایەتی دادەنێت.

١.٣ حەدیس: کوشتنی مورتەد — ئەوەی دینی گۆڕیوە

قورئان — بەقەرە ٢٥٦

لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ

هیچ زۆرکردنێک لە دیندا نییە

حەدیس — بخاری ٦٩٢٢

مَن بَدَّلَ دِينَهُ فَاقْتُلُوهُ

هەر کەس دینی گۆڕی — بیکوژن

دژبەیەک قورئان دەڵێت هیچ ئیکراهێک نییە، بەڵام حەدیسی بخاری دەڵێت ئەگەر دینت گۆڕی بیکوژن.

بەشی دووەم

ژنان و یەکسانی

قورئان هەم مۆڵەتی لێدانی ژن دەدات، هەم دەڵێت ژن و پیاو یەکسانن لەبەردەم خودا

٢.١ لێدانی ژن — یان یەکسانی لەبەردەم خودا؟

قورئان — نساء ٣٤

وَاللَّاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ... وَاضْرِبُوهُنَّ

ئەو ژنانەی کە سەرکێشیان دەکەن... لێیان بدەن

قورئان — ئەحزاب ٣٥

إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ... أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا

مسوڵمانان و مسوڵمانە مێیەکان یەکسانن لەبەردەم خودا

دژبەیەک یەک ئایەت فەرمانی لێدانی ژن دەدات، ئەوەی تر یەکسانیی ژن و پیاو لەبەردەم خودا دەڵێت.

٢.٢ حەدیس: ژنان زۆرترین کەسی جەهەنەمن

حەدیس — بخاری ٣٠٤

رَأَيْتُ النَّارَ فَإِذَا أَكْثَرُ أَهْلِهَا النِّسَاءُ

جەهەنەمم بینی — زۆرترین کەسی تێدا ژنان بوون

دژبەیەک قورئان دەڵێت ژن و پیاو یەکسانن، بەڵام حەدیس دەڵێت زۆرترین کەسی جەهەنەم ژنانن — چونکە ناسپاسی مەردەکانیان.

٢.٣ ژنانی بەهەشت — چییان دەبێت؟

قورئان — ق ٣٥

لَهُم مَّا يَشَاءُونَ فِيهَا وَلَدَيْنَا مَزِيدٌ

هەرچی بیەوێن لەبەهەشتدا هەیە — بەبێ ئیستیسناء(جیاکردنەوە)

قورئان — واقعە ٣٥-٣٧

إِنَّا أَنشَأْنَاهُنَّ إِنشَاءً فَجَعَلْنَاهُنَّ أَبْكَارًا

پرسیار بەبێ وەڵام قورئان بەهەشت بۆ پیاوان وەسف دەکات بە حوور العین. بەڵام ژنانی باوەڕدار چییان دەبێت لەبەهەشتدا؟ هیچ ئایەتێکی ئاشکرا نییە. وە دەڵێت چی داوابکەن هەیە لە بەهەشت واتا مسوڵمانان دەتوانن ژنی محمد و سەحابەکانیش بگێن و ٧٢ حۆریکە بگۆڕنەوە!

بەشی سێیەم

تایبەتمەندی محمد — ئەحزاب ٥٠ و ٥٢

لە هەمان سورەدا — ئەحزاب ٥٠ حەڵاڵ دەکات، ئەحزاب ٥٢ قەدەغە دەکات، بەڵام محمد پێشتر ژنەکانی گۆڕیبوەوە

٣.١ تەفسیری ڕووداوەکان بە ڕیزگەڕی — زۆر گرنگ

ڕیزگەڕی کاتی ڕووداوەکان

١. لە سەرەتادا محمد چەند ژنی هەبوو، وەک خەدیجە، عائشە، زەینەب، حەفصە و تا دوای..

٢. دواتر ئەحزاب ٥٠ هاتە دەرەوە: خودا بە تایبەت بۆ محمد گوتی هەموو جۆرە ژنێک حەڵاڵتە — لەوانەش ژنێک کە خۆی پێشکەش بکات.

٣. دواتر ئەحزاب ٥٢ هاتە دەرەوە: گوتی لەمەودوا ژنی تر بۆت حەڵاڵ نییە و ناتوانیت ژنەکانت بگۆڕیتەوە بە ژنی تر.

٤. بەڵام پاش ئەحزاب ٥٢، محمد مەیمونەی بنت الحارثی وەرگرت — ئەمەش بەپێی مێژووی خودی مسوڵمانان لەساڵی ٧ی هیجرەت بوو بەقسە ئەڵاکەی خۆی نەکردا!!

٥. عائشە ئاشکرا گوتی لە صحیح مسلم: *"ئای خودا! تۆ زۆر زوو خواستەکانی پێغەمبەرت جێبەجێ دەکەیت."*

٣.٢ ئەحزاب ٥٢ — قەدەغەکردن

قورئان — ئەحزاب ٥٢ (قەدەغە)

لَا يَحِلُّ لَكَ النِّسَاءُ مِن بَعْدُ وَلَا أَن تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنْ أَزْوَاجٍ

لەمەودوا هیچ ژنێک بۆت حەڵاڵ نییە لەمە زیاتر بێنیت و ناتوانیت ژنەکانت بگۆڕیتەوە بە ژنی تر هەرچەندە جوانیەکانیان دڵخۆشت بکات! تەنها بۆت هەیە کەنیزەکاکانت بگۆڕیتەوە

٣.٣ ئەحزاب ٥٠ — ئیذنی تایبەتی بۆ محمد

قورئان — ئەحزاب ٥٠ (ئیذن)

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَحْلَلْنَا لَكَ أَزْوَاجَكَ... وَامْرَأَةً مُّؤْمِنَةً إِن وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِيِّ

ئەی پێغەمبەر — ئێمە ژنانت بۆ حەڵاڵ کردووین... و هەر ژنی باوەڕداریش کە خۆی پێشکەش بکات بەتۆ ئەوا حەڵاڵە دەتوانیت هەموویان بگێیت و بیهێنیت ئەمەش تەنها بۆ تۆیە..

⚡ **دژبەیەکی زۆر گرنگ — لە هەمان سورەدا** لە هەمان سورەدا (ئەحزاب): ئایەت ٥٠ هەموو جۆرە ژن حەڵاڵ دەکات — ئایەت ٥٢ قەدەغە دەکات. پاشان محمد دەستی خۆی شکاند و مەیمونەی وەرگرت. خودا ئایەتێک دەنێرێت لەناو چووە بۆ بەرژەوەندیی کەسی محمد. ئەمە لە سەرچاوەی مسوڵمانانی خۆیانەوەیە.

٣.٤ کەنیزەکان — تەنها ڕێگەی مایەوە دوای ئایەت ٥٢

قورئان — ئەحزاب ٥٢ (دوامی)

إِلَّا مَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ

مەگەر کەنیزەکانت — ئەوانە حەڵاڵن بیان گۆڕیتەوە بە ژنی تر

⚡ **دژبەیەک** ئایەت ٥٢ ژنی تر قەدەغە دەکات — بەڵام کەنیزەکان ئازادن. واتا محمد ناتوانێت ژنی تر بۆ ژنی بگۆڕێت، بەڵام دەتوانێت کەنیزەی تر بێنێت و بیگۆڕێتەوە. ئەمەش خۆی دژبەیەکی ئەخلاقیە لەگەڵ "ئایەتی وانک لعلی خلق عظیم تۆ خاوەنی گەورەترین ئەخلاقی." بەڵام هەرچی ژنە گۆڕیویەتەوە و سێکسی لەگەڵ هەموویان کردووە!

٣.٥ مسوڵمان ٤ ژن — محمد ١١ ژن + کەنیزەکان

قورئان — نساء ٣ (یاسای گشتی)

فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ

مسوڵمان دەتوانێت ٢ یان ٣ یان ٤ ژن وەربگرێت و بیگێیت

قورئان — ئەحزاب ٥٠ (تایبەتمەندی محمد)

خَالِصَةً لَّكَ مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ

ئەم تایبەتمەندیانە تەنها بۆ تۆیە — نەک بۆ باوەڕداران

شیکاری ئەکادیمی: مێژوونووسانی سەربەخۆ وەک Patricia Crone و Michael Cook ئاشکراکردوویانەتەوە کە ئەم یاساکراوانە دروستکران بۆ بەرژەوەندیی کەسی محمد لەڕێگەی وەحیەوە.

بەشی چوارەم

خودای دژبەیەک

خودا هەم دەڵێت ستەم ناکات، هەم دەڵێت کەسی بیەوێت گومرا دەکات — و روحی خۆی لە مرۆڤدا دادەنێت

٤.١ سورەتی سەجدە ٩ — مرۆڤ بەشێکە لە خودا!

قورئان — سەجدە ٩

وَنَفَخَ فِيهِ مِن رُّوحِهِ

وە فوی پیاکرد لە روحی خۆی

قورئان — حیجر ٢٩ (هەمان ناوەڕۆک)

فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ

کاتێک شێوەی دروستکرد و فوی پیاکرد لە روحی خۆم — سوجدە بەرن..

⚡ **دژبەیەکی زۆر گرنگ** قورئان ئاشکرا دەڵێت خودا لە روحی **خۆی** لە مرۆڤدا هەڵدەمێنێت. ئەمە لۆجیکانە دەڵێت مرۆڤ بەشێکە لە روحی خودا — کە ئەمەش دژی ئەوەیە کە ئیسلام دەڵێت خودا جیایە لە کائیناتەکە. مسوڵمانەکان دەڵێن "روحی خودا" واتا "روحێک کە خودا دروستی کردووە" — بەڵام ئەم تەفسیرە لە مەتنەکەدا نییە. چەندین گروپ بەهۆیەوە دروست بوون وتویانە مرۆڤ بەشێکە لە خودا و خوداش بەشێکە لە مرۆڤ دواتر تەکفیر کراون و یەکتریان کوشتووە..

٤.٢ خودا ستەم دەکات — یان ناکات؟

قورئان — ئال عمران ١٠٨

وَاللَّهُ لَا يُرِيدُ ظُلْمًا لِّلْعَالَمِينَ

خودا نایەوێت ستەم بکات لە هەموو جیهان

قورئان — ئەنعام ٣٩

مَن يَشَإِ اللَّهُ يُضْلِلْهُ وَمَن يَشَأْ يَجْعَلْهُ عَلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ

هەر کەس خودا بیەوێت گومرای دەکات، هەر کەس بیەوێت بۆ ڕێی ڕاستی دەبات

مسەئەلەی "بدی" — Problem of Evil ئەگەر خودا خۆی کەسێک گومرا دەکات، دواتر ئەو کەسە دەباتە جەهەنەمی — ئەوا خودا ستەمی کردووە. فەیلەسووفی یونانی ئەپیکووروس ئەم پرسیارە ٣٠٠ سالی پێش ئیسلام داوایەتی. ئەگەر خودا نایەوێت ستەم بکات ئەی بۆچی پەیامبەرەکەی بە سحر کوشت ! بۆچی بەدرێژایی مێژوو ملیاران منداڵ و ژن و پیر بە دڕندانەترین شێوە سەربڕان و کوژران خودا بۆ ستەمی ڕانەگرت!!

٤.٣ خودا هەموو گوناه دەبەخشێت — یان شیرک نابەخشێت؟

قورئان — زومەر ٥٣

إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا

خودا هەموو گوناهەکان دەبەخشێت — بەبێ هیچ ئیستیسنائێک

قورئان — نساء ٤٨

إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ

خودا لە شەریک دانان بۆی نابەخشێت — بۆ هەتاهەیە

دژبەیەک زومەر ٥٣ دەڵێت "هەموو" گوناه — نساء ٤٨ دەڵێت شیرک نابەخشێت. دژبەیەکێکی ئاشکرایە لە هەمان کتێبدا.

٤.٤ شێوەی خودا — دژبەیەکی زۆر گرنگ

قورئان — شوری ١١

لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ

هیچ شتێک وەکوو خودا نییە — هیچ شێوە و شەکڵێکی نییە و کەس لەو ناچێ

حەدیس — بخاری ٦٢٢٧ + مسلم ٢٨٤١

خَلَقَ اللَّهُ آدَمَ عَلَى صُورَتِهِ

خودا ئادەم لە شێوەی خۆی دروستکرد

دژبەیەک ئەگەر مرۆڤ لە شێوەی خودایەتی — ئەوا شتێک هەیە وەکوو خودا. ئەمەش ئاشکرا دژی "لیس کمثلە شیء"یە. لەگەڵ ئایەتی سەجدە ٩ش: خودا روحی خۆی لە مرۆڤدا هەڵمێنیوە و مرۆڤ لە شێوەی خودایەتی دروستکراوە — کەواتا مرۆڤ بەشێکە لە خودا.

بەشی پێنجەم

ئیکراه و ئازادی

٥.١ دۆستایەتی لەگەڵ نامسوڵمانان — ئازادە یان قەدەغە؟

قورئان — ممتحنه ٨

لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ

خودا قەدەغەتان ناکات باشی بکەن بۆ ئەوانەی شەڕتان لەگەڵ ناکەن

قورئان — مائده ٥١

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَىٰ أَوْلِيَاءَ

ئەی باوەڕداران — جوولەکە و مەسیحی مەکەنە دۆست

دژبەیەک یەک ئایەت باشی کردن ڕێ دەدات، ئەوەی تر دۆستی قەدەغە دەکات.

٥.٢ حەدیس: لە منداڵ بە ئەگەر نوێژ ناکات

قورئان — بەقەرە ٢٥٦

لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ

هیچ زۆرکردنێک لە دیندا نییە

حەدیس — ئەبوداوود ١٤٢٠

مُرُوا أَوْلَادَكُم بِالصَّلَاةِ وَاضْرِبُوهُمْ عَلَيْهَا

فەرمووی مەنداڵەکانتانفێری نوێژ بکەن — ئەگەر نەیان کرد لێیان بدەن

⚡ **دژبەیەک** قورئان دەڵێت هیچ ئیکراهێک لە دیندا نییە، بەڵام حەدیس مۆڵەتی لێدانی منداڵ دەدات ئەگەر نوێژ نەکات.

بەشی شەشەم

نەسخ و مەنسوخ

ئایەتی هەڵوەشێنەر — کتێبی "مەحفووظ" چۆن گۆڕا؟

٦.١ قورئان دەڵێت هیچ گۆڕانێک نییە — بەڵام نەسخ هەیە

قورئان — ئەنعام ١١٥

وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا لَّا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِهِ

پەیامی خودا تەواوە — هیچ گۆڕانێک لە پەیامەکانیدا نییە

قورئان — بەقەرە ١٠٦

مَا نَنسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَا أَوْ مِثْلِهَا

هەر ئایەتێک نەسخ بکەین یان لای بەرین — باشتری دەهێنینەوە

باشتریان هێنایەوە کە ڕێیان دا بە محمد ژنەکانی نەگۆڕێتەوە تەنها ژنە کەنیزەکەکانی بگۆڕێتەوە بۆ کەنیزەکی جوانتر هەهەهەه..

⚡ **دژبەیەک** ئەگەر قورئان پەیامی خودایە و نەگۆڕا — چۆن ئایەتەکانی خۆی هەڵوەشێنێتەوە هەههەه؟

٦.٢ ئایەتی شمشێر — ناسخی ١٢٤ ئایەتی ئەمانییەیە

قورئان — توبە ٥ (ئایەتی شمشێر)

فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ

مشریکەکان بکوژن لە هەر شوێنێک بیاندۆزنەوە

زانایانی ئیسلامی خۆیان وەک ئیبن العربی دەڵێن توبە ٥ ناسخی ١٢٤ ئایەتی تری قورئانە. ئەگەر یەک ئایەت دەتوانێت ١٢٤ ئایەتی تر هەڵبوەشێنێت — ئایا ئەمە کتێبی خودایە یان کتێبی مرۆڤ؟!!!!

٦.٣ ئایەتی ڕەجم (بەرد تێ گرتن) — لە قورئاندا نییە بەڵام بەکارهاتووە

قورئان — نور ٢ (لێدان نە ڕەجم)

الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ

زیناکار — هەر کەسێک ١٠٠ لێدان لێی دەدرێ

حەدیس — بخاری ٦٨٢٩ + عمر بن خطاب

الشَّيْخُ وَالشَّيْخَةُ إِذَا زَنَيَا فَارجُمُوهُمَا الْبَتَّةَ

پیرەمێرد و پیرێژن ئەگەر زینا بکەن — بەردیان تێ بگرن (ڕەجم) عایشە وتویەتی ئەم ئایەتە لە قورئان هەبووە پێشتر نازانم بۆ ئێستا لە قورئانەکەی عوسمانی کوڕی عەفان نییە.....

دژبەیەک عمر بن خطاب — خەلیفەی دووەمی ئیسلام — خۆی گوتووی: "ئایەتی ڕەجم لە قورئاندا بوو بەڵام مەنسوخ کراوەتەوە." واتا ئایەتێکی کوشتن لە قورئاندا بووە کە ئێستا نییە.

٦.٤ ئایەتی شیرخۆرەکان — مەنسوخ کراوە بەبێ کاتی دیاریکراو

حەدیس — صحیح مسلم ١٤٥٢

كَانَ فِيمَا أُنزِلَ مِنَ الْقُرْآنِ عَشْرُ رَضَعَاتٍ مَعْلُومَاتٍ يُحَرِّمْنَ

لە قورئاندا ئایەتێک بوو: ١٠ جار شیرخواردن حەرام دەکات — دواتر مەنسوخ کرا بە ٥ جار

گرنگترین دژبەیەک عائشە خۆی دەڵێت ئەم ئایەتە لە قورئاندا بوو. بەڵام دوای مردنی محمد بەشی قورئان لەناو چووە. ئەگەر قورئان لە لووحی مەحفووظ دابێ — چۆن بزنێک دەیخوات؟ ئەمە لە سەرچاوەی مسوڵمانانی خۆیانەوەیە.

بەشی حەوتەم

دژبەیەکی زانستی قورئان

قورئان زانستی کاتی خۆی وەرگرتووە — نەک پێشبینیی زانست

٧.١ زەوی تەخت — یان گۆیە؟

قورئان — غاشیە ٢٠

وَإِلَى الْأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ

زەوی — چۆن تەختی کراوە؟

لە کاتی نووسینەکاندا هەموو تەفسیرەکان دەڵێن تەخت. زانستی زەوی گۆیە — ئەمە زانستی ٢٣٠٠ سالی پێش ئیسلامە کە یونانییەکان ئەمەیان ئاشکراکردبوو.

٧.٢ توخمی مرۆڤ لە نێوان پشت و سنگەوە — هەڵەی بیۆلۆژی

قورئان — طارق ٦-٧

خُلِقَ مِن مَّاءٍ دَافِقٍ يَخْرُجُ مِن بَيْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ

مرۆڤ دروستکراوە لە ئاوی بەهێزێک کە لە نێوان پشت و سنگەوە دێت

توخمی مرۆڤ لە نزیکی ئەندامی گوون دروستدەبێت — نەک لە نێوان پشت و سنگ. هەمان هەڵەیە کە لە کتێبە پزیشکیەکانی کۆندا (گالینووس و بوقراط) بووە.

٧.٣ ئاسمانی حەفت — لە زانستدا بنەمایەکی نییە

قورئان — بەقەرە ٢٩

فَسَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ

> لە زانستدا هیچ "حەفت ئاسمان" نییە. ئەمە باوەری کۆسمۆلۆژیی میسری و بابلی بووکە لە فەرهەنگی کاتی خۆیدا بوو.

بەشی هەشتەم

دژبەیەکی مێژووی

هەڵەی مێژووی — مەریەم، فیرعەونی موسا، و کێشەی کاتی

٨.١ مەریەم خوشکی هارون — بەڵام ١٣٠٠ ساڵی جیا هەیە

قورئان — مەریەم ٢٨

يَا أُخْتَ هَارُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ امْرَأَ سَوْءٍ

ئەی خوشکی هارون — باوکت پیاوی خراپ نەبوو

> **هەڵەی مێژووی** مەریەمی قورئان دایکی عیسایە (سەدەی ١ م)، بەڵام هارون برای موسایە (سەدەی ١٣٠٠ پێشتر). ئەمانە دوو کەسی جیاوازن کە ١٣٠٠ ساڵی جیان دەکاتەوە.

٨.٢ فیرعەونی موسا — لاشەکەی ماوەتەوە؟

قورئان — یونس ٩٢

فَالْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ آيَةً

ئەمڕۆ لاشەت پارێز دەکەین بۆ ئەوەی نیشانەیەک بێت بۆ ئەوانەی دواتردێن



مۆمیایی رامسیس دووەم — کە زۆرێک دەڵێن فیرعەونی موسایە — بەڵام هیچ بەڵگەی پزیشکی نییە!!

شیکاری ئەکادیمی: مسوڵمانەکان دەڵێن ئەم مومیایایە فیرعەونی موسایە و ئایەتی یونس ٩٢ پشتڕاستی کردووەتەوە. بەڵام هیچ بەڵگەی پزیشکی یان مێژوویی دڵنیاکراوی نییە کە:

- ئەم مومیایایە فیرعەونی موسایە
- خنکاوە لە دەریا
- خودا لاشەکەی پاراستوە!!

قورئان ئەم ئایەتەی نووسیووە ٦٠٠ سالی پاش میلاد. ئەمە باوەری دینییە — نەک زانست.

بەشی نۆیەم

بەراوردی قورئانی کۆن و نوێ

أقدم عشر مخطوطات قرآنية | سريالى

Visit >


Share

Save



دەستنووسی بیرمینگەم — BBC ٢٠١٥ — کاربۆن ١٤: ٥٦٨-٦٤٥ م — لە کاتی محمد یان نزیکی

٩.١ دەستنووسی سەنعا



دەستنووسی سەنعا — یەمەن — دووجاری نووسین — کۆنتر لە قورئانی عوسمانی — جیاوازیی پیرەوەرانە هەیە

دەستنووسی سەنعا لە ١٩٧٢دا دۆزراوەتەوە. زانایان وەک Gerd Puin دەڵێن جیاوازییەکانی پیرەوەرانە هەیە لەگەڵ قورئانی عوسمانی. واتا قورئانی ئەمڕۆ لە کاتی عوسمان (٦٤٤-٦٥٦ م) ستانداردکراوە — نەک لە کاتی محمد. سعودیەش نوسخەی قالون و ورشی قەدەغەکردووە..

٩.٢ بەراورد: قورئانی ئەمڕۆ vs دەستنووسی کۆن

بابەت	قورئانی ئەمڕۆ	دەستنووسی کۆن
کات	ستانداردکراوی عوسمان ٦٥٠م	سەنعا: سەدەی ٧م

جیاوازی	دەڵێت یەک نووسین	جیاوازیی وشەیی هەیە
قراءات	٧ خوێندنی فەرمی	نووسینی پاڵێو Hijazi
سەرچاو	عوسمان ستانداردی کردووە	Corpus Coranicum ئاشکرای کردووە

کۆتایی ئەکادیمی: بەپێی زانستی مێژووە، قورئانی ئەمڕۆ ئەنجامی پرۆسەیەکی مرۆڤایەتییە کە لە کاتی عوسمان ستانداردکراوە. John Wansbrough, Patricia Crone, Michael Cook ئاشکرای کردووە کە قورئان لە ١٥٠ ساڵی پاش محمد شکڵی گرتووە ..، قورئانەکەی سەنعاش کە دۆزرایەوە چەندین ئایەتی زیاتر بوو لە سورەتی یوسف بۆیە نەیانهێشت بڵاو بکرێتەوە..

کۆتایی

کۆتایی ئەکادیمی

ئەم کتێبە ئامانجی ئەوە نییە کە سوکایەتی بکرێت. ئامانجی ئەوەیە کە پرسیارە ئەکادیمییەکان ڕووناک بکاتەوە و مرۆڤ جوان بیری لێ بکاتەوە ئەڵا دەڵێت انا نحن نزلنا الذکر وانا لە لحافظون واتا ئێمە ئەم قورئان و حەدیسانەمان دابەزاندوە و خۆشمان دەی پارێزین ئەی بۆ نەی پاراست!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!! وە حەدیسەکانیش تا ئەمڕۆ دیاری نەکراوە کامەی سەحیحە و کامەی زەعیفە هەر ڕۆژە و بە ئارەزووی خۆیان زیادی دەکەن و کەمی دەکەن وە هیچ کام لە کتێبەکانی ٤ مەزهەبەکە و کتێبەکانی حەدیس کتوبی ستە (بوخاری و موسلیم و ابو داود و نسائی و ترمزی و ابن ماجە) نەماون و گێڕانەوەی حەدیسیش هیچ دەست نوسێکی نییە تەنها بە قسە بووە وەک لە باوکم گوێم لێ بوو لە باپیرم ئەی وت باپیرە گەورەم ئەی گێڕایەوە دەیوت ئەویش تادوای.... بەڕاستی زانست سەلماندویەتی مرۆڤ ڕۆژانە چەندەها شتی لە بیر دەچێ ئەم هەموو شتانەیان چۆن بیرما ئەم مردوو مراوانە بۆیە محمد خۆی وتویەتی حەدیس مەنوسن و سەحابەکانیش حەدیسیان سوتاندووە، لە کۆتایدا ئەڵا دەڵێ (وَلَقَدۡ يَسَّرۡنَا ٱلۡقُرۡءَانَ لِلذِّكۡرِ فَهَلۡ مِن مُّدَّكِرٖ) بەڕاستی ئێمە قورئانمان ئاسان کردووە کەس هەیە پەند وەربگرێ ئایا ئەمە ئاسانکردنە کە ملیۆنان حەدیس و تەفسیر و قسەی بەناو زانایانی تیاکراوە و هیچیشیان دەست نوسیان نییە ئەگەر بتەوێت تێی بگەیت هەموو تەمەنی مرۆڤایەتی تەرخان بکەیت لەم هەموو شتانە ناگەیت ،
ئایە ئێستاش دەڵێت قورئان قسەی خودایە پاش ئەوەی تێ گەیشتیت لە مانە!! :

- ئایا یەک کتێب ناتوانێت هەم A و هەم نەA بێت لەهەمان کاتدا؟
- ئایا نەسخ دەڵێت قورئان بریتییە لە کاری مرۆڤایەتی؟
- بەراوردی دەستنووسەکانی کۆن چی دەڵێت؟
- ئایا باوەر دەتوانێت بەبێ پرسیار بمێنێت؟

پرسیار کردن حەق و مافی هەر مرۆڤێکە.

کۆ کردنەوە و نوسینی هاوکار ع.

دژبەیەکەکانی قورئان و حەدیس

سەرچاوەکان: صحیح بخاری · صحیح مسلم · سونەن ئەبوداود

Corpus Coranicum · Patricia Crone · John Wansbrough · Michael Cook · Gerd Puin

بۆ مەبەستی ئەکادیمی و مێژوویییە ـــ ٢٠٢٦